مه‌هاباد قه‌ره‌داغی



# ڕاستی لای کامانه ؟!

**چه‌ند سه‌رنجێک له‌سه‌ر هه‌ندێک له‌ نووسین و ڕه‌خنه‌کان**
**له‌باره‌ی دیدار و چاوپێکه‌وتنه‌کانم**

**((بۆ ئه‌وه‌ی خۆت له‌ ڕه‌خنه‌ لاده‌یت، هیچ مه‌ڵێ، هیچ مه‌که‌ ، هیچ مه‌به‌.))**

**ئه‌لبێرت هوبارد**

پێشه‌کی: دوای بڵاوکردنه‌وه‌ی ناوه‌ڕۆکی دوو دیدار و ده‌قی چاوپێکه‌وتنێک له‌گه‌ڵ سێ له‌ سه‌رانی کورد، گه‌لێک شت گوتران و نووسران. به‌ دوو جۆر پۆلێنیان ده‌که‌م؛ جۆرێکیان ده‌چووه‌ خانه‌ی ڕه‌خنه‌ و نووسین، جۆره‌که‌ی تریان ده‌چووه‌ خانه‌ی ئه‌شکه‌نجه‌ و داپڵۆسین. به‌سه‌ر جۆری دووه‌مدا تێده‌په‌ڕم و ده‌مه‌وێت چه‌ند سه‌رنجێک له‌سه‌ر چه‌ند بیروڕایه‌کی جۆری یه‌که‌م بنووسم.

بابه‌تێک که‌ بچێته‌ خانه‌ی ڕه‌خنه‌وه‌، ئه‌گه‌ر که‌موکوڕیشی هه‌بێت، به‌ پۆزه‌تیڤ هه‌ڵیده‌سه‌نگێنم و هه‌بوونی به‌ پێویست ده‌زانم. ئه‌وانه‌شی که‌ لێره‌دا ئاماژه‌یان پێده‌ده‌م ده‌یانخه‌مه‌ خانه‌ی ئه‌و دیباته‌ سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌ که‌ پێویستیه‌کی شارستانییه‌ بۆ گه‌شه‌دان به‌ پرسه‌ هه‌ستیاره‌کان و به‌ تایبه‌تی پرسی ژن که‌ مه‌به‌ستمانه‌ و خوازیارین له‌ هه‌موو ئاستێکدا بوروژێ و قسه‌ی له‌سه‌ر بکرێت. ده‌خوازم له‌ ڕێگه‌ی ئه‌م بابه‌ته‌وه‌ گوڕێکی تر به‌و دیباته‌ بده‌م که‌ له‌سه‌ر پرسی هه‌ستیاری ژن له‌ کۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه‌دا هاتووه‌ته‌ ئاراوه‌. هاوکات چه‌ند سه‌رنجێکیش له‌سه‌ر بابه‌تێک که‌ له‌ په‌یوه‌ندی به‌ دیداره‌کانی منه‌وه‌ نووسراوه‌، بخه‌مه‌ ڕوو. له‌ ده‌ستپێکیشدا هه‌ندێ چه‌مکی په‌یوه‌ندیدار شیده‌که‌مه‌وه‌.

## کامان ڕاستین، کامان هه‌ڵه‌ن؟!

وه‌ڵامی ئه‌م پرسیاره‌ په‌یوه‌ندی به‌وه‌وه‌ هه‌یه‌ تێڕوانینی ئێمه‌ بۆ دیارده‌کان ڕێژه‌ییه‌ یان ڕه‌ها، زاتییه‌ یان بابه‌تی؟ ئه‌گه‌ر بیرکردنه‌وه‌یه‌کی ڕه‌ها ڕوانگه‌مانی ئاراسته‌کردبێت، خۆمان به‌ ته‌واو ڕاست و درووست، به‌رامبه‌ریش به‌ ته‌واو هه‌ڵه‌ و ناردووست داده‌نێین و پێمان وا ده‌بێت بۆچوونی ئێمه‌ گومانهه‌ڵنه‌گره‌. به‌ڵام ئه‌گه‌ر ڕێژه‌یی بڕوانینه‌ دیارده‌کان و بیرکردنه‌وه‌کانمان ئه‌و ئاراسته‌یه‌ی گرتبێت، پێمان وا ده‌بێت ئه‌وه‌ی ئێمه‌ ده‌یڵێین ته‌نها به‌شێکه‌ له‌ ڕاستی، ته‌نها ڕێژه‌یه‌که‌ له‌ ڕاستی.

که‌واته‌ من و تۆ هه‌ریه‌که‌مان ده‌شێ هه‌ڵه‌و ده‌شێ ڕاستیش بین. ئه‌گه‌ر ڕاستی و هه‌ڵه‌ موتڵه‌ق ببینین، به‌رامبه‌ر به‌ هه‌ر ده‌ربڕین و کردارێک ته‌نها دوو پێناسه‌ ده‌بینین درۆزن و ڕاستگۆ، خائین و قاره‌مان، ڕه‌ش و سپی و هتد. که‌ خودی ئه‌م ده‌سته‌واژانه‌ش ئه‌گه‌ر به‌ ڕه‌هاییه‌وه‌ تێیان بڕوانرێ کاره‌ساته‌ و ده‌یان کۆڵانی بنبه‌ست دروست ده‌بن و نامانگه‌یه‌ننه‌ هیچکوێ. به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌ ڕێژه‌یی تێیان بڕوانرێ ڕه‌هه‌ندی زۆر جیاوازیان لێ ده‌رده‌که‌وێت و هه‌ر یه‌ک له‌و ڕه‌هه‌ندانه‌ش خوێندنه‌وه‌ی جیاواز هه‌ڵده‌گرن و ده‌شێ به‌ چاویلکه‌ی جیاواز و به‌ میتوودی جیاواز هه‌ڵبسه‌نگێندرێن و دواجار هه‌موو ئه‌و ڕه‌وتانه‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندی گه‌شه‌پێدانی کلتووردا ته‌واو بن.

یه‌کدیدیی و یه‌کڕه‌هه‌ندیی و پێوه‌رێکی ڕه‌هاگه‌رانه‌ بۆ پێوانه‌ی ڕاستی و هه‌ڵه‌ ، باش و خراپ و جوان و ناشیرین و هه‌موو ئه‌و چه‌مکانه‌ی دی، ده‌مانگه‌یه‌نێته‌ ئه‌و بنبه‌سته‌ی که‌ ئیتر دیبات و وتوویژ و ڕاوێژ داد ناده‌ن و ئه‌گه‌ر شتێکی دی دێته‌ ئاراوه‌ که‌ ده‌کرێ به‌ زۆرانبازی یان بۆڕبۆڕێن ناوزه‌دی بکه‌ین، چونکه‌ ئامانجیان ده‌بێته‌ به‌زاندن و بردنه‌وه‌.

## دیدارەکانم هەڵەن یان ڕاست؟

هەندێ کەس دۆستانەو لە پێناوی بەرگریکردن لە خەباتی ژنان یان لە کەسی من لە نووسینەکانیاندا ئاماژەیان بەوە داوە کە ڕەنگە یان دەشێ ئەو دیدارانە هەڵە بن، یان ڕەوتارێکی نامەسئولانە و نافێمینیستی بن کە من لەگەڵ هەندێ لە سەرکردەی کورددا سازم داون لە پێناوی پرسێکدا کە پرسی ژنانی کوردستانە و من وەک یەکێک لە سەدان ژن و هەر یەکەمان بە جۆر و شێوازی خۆی کاری بۆ دەکەین، ئەمە ئەگەر لەسەر ئاستی تاک بپێورێت. وەک گروپ و ڕێکخراویش دیسان هەر ڕێکخراو و سەنتەر و شەڵتەرێک میتودی خۆی هەیە بۆ کارکردن. لە ئاکامیشدا پێویستە ئەنجام بپێورێت بۆ سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی هەریەک لەو شێوازە پەیڕەویکراوانەی کار. دواجار نە سەرکەوتنی میتودێک مانای ئەوەیە کە تەنها ئەو میتوودە پەیڕەوی بکرێت و هەموو شێوازێکی تر و ئامرازێکی تر لە بیر بکرێت، نەش سەرنەکەوتنی ئەو میتوودە مانای ئەوەیە کە پەیڕەوکارەکەی خراپ و بێتوانا و نەزان و چی و چییە. ئەگەر خوێندنەوەمان بۆ ڕێبازەکان، شێوازەکان و ئامرازەکانی کارکردن لە هەر پرسێکدا ڕاشونێل"عەقلانی" بێت، دەزانین دواجار ئێمەی مرۆڤین میتود دادەنێن و تیۆری دادەڕێژین و هەر خۆشمانین پراکتیکی دەکەین و دەیکەین بە ئەزموون. ئێمەین کە گریمانە دادەنێین و لە تاقیکردنەوەدا بۆمان دەردەکەوێت گریمانەکانمان چەند ڕاست یان چەند هەڵەن؟ خوێندنەوەکانمان چەند واقیعی یان چەند دوور لە واقیع بوون؟

پەیوەست بە دەستەواژەی هەڵە و ڕاست، پێش ئەوەی بۆچوونی خۆم دەربڕم کە ئایا من ڕاست یان هەڵە بووم کە دیدارم لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا کردووە، ئاماژە بە بۆچوونی دوو لەو هاوڕێیانە دەدەم کە دەستەواژەکەیان بەکار هێنابوو.

خاتوو ڕوئیا تلوعی کە نووسەر و داکۆکیکارێکی مافەکانی ژنانە، بەم شێوەیە دەستەواژەکەی لە پرسیارێکدا بەکار هێناوە: " بۆ برێک لە دۆستان هەموو شتێک ڕەش یان سپی دەبینن؟ ئەگەر پێیان وایە مەهاباد ئەم رایە هەڵەی کردووە بۆ یەکسەر تەواوی کارە باشەکانی ڕابردوویشی دەسڕنەوە؟ ئەگەر بە ڕای ئێوە مەهاباد هەڵەی کردووە خۆ ئەویش وەک ئێوە مرۆڤە، ئایا بە هەڵەیەک یەکسەر هەموو ژیانی دەبێتە تاوان؟"

کاک عەباس ئیسماعیل حەمەد: لە وەڵامدانەوەی هێرشی کەسێکی تردا کەلە میانەی پەلاماردانی کەسی من لەسەر فێمینیزم و خەباتی فێمینیستی کردوویەتی، پێی دەڵێت فلانکەس:"بە بیانگەی هەڵسوکەوتێکی نامەسئولانەی کەسێک، هێرش دەکاتە سەر بزوتنەوەی فێمینیستی لە کوردستان، لە هەمان کاتیشدا هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسەی کە دەکرێ لە خەباتی فێمینیستانەیدا تووشی هەڵە بووبێت."

ئەم دوو هاوڕێیە بە بەکارهێنانی وشەگەلی : " دەشێ، دەکرێ..، ئەگەر...، خۆیان لەو هەڵسەنگاندنە ڕەها و ناعەقلانییە پاراستووە کە لە ئێستاوە پێشداوەری بکەن و هەڵسەنگاندنی ئەو دیدارانە بە هەڵە یان ڕاست بکەن. لە هەمان کاتدا بوارێکیان بۆ بیرکردنەوە هێشتووەتەوە لەوەی ئایا دیدارێکی وا چەند سوود یان زیان دەگەیەنێت بە پرسی ژن؟ دەشێ حوکمی یەکجاری خۆیانیان هەڵگرتبێ بۆ دوایی، تا بزانن ئامانج لەو دیدارانە چی بووە و ئەنجامیان چی دەبێت. کاک عەباس بە بەکارهێنانی دەستەواژەی "نامەسئولانە" ڕەخنە لە هەڵسوکەوتی کەسێک دەگرێت، لەو پەیوەندییەشدا کە باسەکەی وروژاندووە ئەو کەسە بەندەیە، واتە بەڕێزی ڕەخنەی لەو هەڵسوکەوتە هەیە، واتە دیدارەکان، کە ئەمەش زۆر ئاساییە و ڕایەکە ڕێزی لێدەگرم.

ئیشکردن بۆ پرسی ژن، نووسین لەسەر ئەم پرسە گرنگە عەقڵانی بێت. خۆ قەتیسکردن لەناو تاقەشێوازێکدا هەوڵێکی نەریتییە و بە ئەزموونکردنی دەیان شێواز پێویستە و نەترسان لە تاقیکردنەوەی شێوازی نوێ و ئامرازی نوێ بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانج کە مەبەستە، یەکێکە لە بەڵگەنەویستەکانی خەبات. ئەم بۆچوونە چەند هەڵەیە و چەند ڕاست؟ دیسان دەڵێم: ئەنجام پێوەرە. ئیدیس سوێدرگران دەڵێ:"ڕاستی تەنها بەش بەش دەگاتە مرۆ."

باوەڕم وایە وەک چۆن بۆ پرسی کورد و بزووتنەوەی کورد پێشمەرگەمان هەبووە و هەیە، بۆ پرسی ژن و بزووتنەوەی ژنیش پێشمەرگەمان پێویستە. لێرەدا مەبەست لە دەستەواژەی پێشمەرگە ئەوەیە کە چۆن مەبدەئیانە و فیداکارانە دەیان شێوازی خەبات و تێکۆشانمان تاقیکردەوە بۆ پرسی کورد و ئاکامیش مەبەستمان ڕزگاربوونی کوردە لە کۆیلەیەتی، بە هەمان شێوەش پێشمەرگانە (فیداکارانە) تێکۆشان بۆ پرسی ژن پێویستە بۆ گەیشتن بەو ئاکامەی ژن لە کۆیلەیەتی ڕزگار بکەین. ڕەتکردنەوەی دیالۆگ، ڕەتکردنەوەی کلتووری دیموکراسییە. پرسی ژن تەنها لە نێو کلتووری دیموکراسی دا دەتوانێت گەشە بکات و ئاکامی هەبێت. ئەو پرسەی بە "ڕق" هەوڵی چارەسەرکردنی درابێت، ناشێ چارەسەربووبێت، بەڵام زۆر لەوانەیە قووڵتر بووبێتەوە.

**<u>دیدار و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی</u>:**

ئەم دووانە دوو شتی جیان. لە دیداردا دەشێ باسی شتەکان بکرێت، لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیدا دەبێت پرسیار ئاراستە بکرێت. دیدار دەکرێ ئەو خاڵانەی بە لاتەوە مەبەستن ڕۆشناییان بخەیتە سەر، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی دەبێ وەکو خۆی بڵاویان بکەیتەوە، وەیان ئەو پرسیار و وەڵامانەی بە ئەکتوێل و گرنگیان دەزانی بڵاویان بکەیتەوە.
من ڕۆشناییم خستبووە سەر ئەو خاڵانەی کە مەبەست بوون بە لامەوە لەو دوو دیدارەی هەردوو بەڕێز کاک مەسعود بارزانی و کاک کۆسرەت عەلی. چونکە ئەوانە دیدار بوون نەک چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی، واتە نە من پرسیارم لێ کردن و نە ئەوان وەڵامیان دایەوە، بەڵکە باسی هەندێک بابەت و پرسی هەنووکەیی کران و لەناو ئەوانەش دا بێگومان پرسی ژن کە هەمیشە هەنوکەیی و ئەکتوێلە بۆ ئێمە. من لە باسکردنی ئەو دوو دیدارەدا ڕۆشناییم خستە سەر ئەو خاڵانەی پەیوەندییان بەم پرسەوە هەبوو. بەڵام ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەی کە لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت سازکرا، وەکو خۆی بڵاوکرایەوە.
ئەو میتودەی بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر هەردوو دیدارەکە بەکارم هێناوە، تەنها گێڕانەوەی کاکڵی قسەکانی ئەو بەڕێزانەیە و گەیاندنیەتی بە کەسانی دی کە پێویستە پێیان بگات. پێشەکی و کۆمێنتارەکانی من گشتی بوون نەک تایبەت بەو وتانەی ئەو بەڕێزانە. لەسەر وتەکانی ئەوانیش دەشێ ڕای زۆر جیاواز لە ئارادا بێت و ڕاکانیش بەو شێوەیە ڕەوان کە بە زمانێکی شارستانی دەرببڕدرێن و بچنە خانەی ڕەخنە و دیباتەوە.

خانمێک بە ناوی فریشتە کاوە لە بابەتێکی ڕەخنەییدا کە بە ناوی"چاوپێکەوتنەکانی ئەم دوواییەی مەهاباد قەرەداغی لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا" نووسیوە و لە ماڵپەڕی دەنگەکان بڵاوی کردەوە، کە شایانی ئاماژەپێدانە.
ناوەڕۆکی باسەکە باس لە چاوپێکەوتنەکانی من ناکات وەکو لە سەرباسەکەیدا نووسیوویەتی. بە پێی سەرباسەکە دەبوو ئاماژەی بە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکان بکردایە کە بڵاوبوونەوە. باسی ئەو دوو دیدارەش ناکات، بەڵکە تەنها باس لە یەک دیداریان دەکات ئەویش ئەوەی کە لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانییە، لەوێشدا باس لە ناوەڕۆکی وتەکانی ناکات

بەڵکە ڕەخنەکەی دوورە لە دەقەکەوە. فریشتە پێی وایە چاوپێکەوتنەکان زانستی نەبوون و میتوودێکیان نەبووە. بە ڕای ئەو دەبوایە وا قسە نەکەم وەک کردوومە، بەڵکە وا قسەم بکردایە کە ئەو نووسیوویەتی و ئەو پێی باش بووە بووتریت. دەڵێ: واتبگوتایە و وات بپرسیایە و وات وەڵام دابایەوە.

لەگەڵ دەستخۆشیمدا بۆ ئەو نووسینەی فریشتە خان، چونکە جاری یەکەمە نووسینی دەبینم و پیرۆزبایی گەرمی لێدەکەم بۆ ئەم دەستپێکەی و بە بایەخەوە بابەتەکەیم خوێندەوە. بە پێویستم زانی چەند خاڵێکی بۆ ڕوون بکەمەوە و هەندێک سەرنجیش لەسەر نووسینەکەی بخەمە ڕوو:

1. ئەوەی بەڕێزی باسی دەکات دیدارە نەک چاوپێکەتن. ئەم دووانەش جیاوازن. تێکەڵییەکی لا دروست بووە.
2. ئەوەی ئەو ڕەخنەی لێگرتووە یەک دیدارە نەک وەک خۆی لە ناونیشانەکەدا دەڵێ: "چاوپێکەوتنەکانی". باشتر بوو بگوترابا: "خوێندنەوەیەک بۆ دیدارەکەی م.ق لەگەڵ.."
3. دەبوایە کام میتودی زانستی پەیڕەوی بکەم؟ بریا ئاماژەی بە لای کەم یەک جۆری ئەو میتودانە بکردایە کە بەلایەوە باشە، تا منیش سوودی لێ ببینم لە داهاتوودا. ئەگەر بەڕێزی بە دیداریش بڵێت چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی، دەبێ مەبەستی لە کام میتود بێت هی دیدار یان هی چاوپێکەوتن؟ ئەوەش ڕوون نەبوو. شتێکی دیکەش کە گرنگە بە لامەوە بپرسم کە بەڕێزی چ میتودێکی ڕەخنەگرتنی بەکاربردووە لەو نووسینەدا؟ بێگومان ڕەخنەش چەندان میتودی خۆی هەیە و نووسین بە گشتی پێویستە ستركتووریكی هەبێت. من لەو ڕووەوە کە هەستم کرد بەڕێزی پرسی ژنی لا مەبەستە و بایەخی دەداتێ، حەزم دەکرد هەندێک بایەخی زیاتر بەو نووسینە بدات و بێگومان بۆ هەردووکمان باش دەبوو، من سوودم لێ دەبینی و بەڕێزیشی ڕوونتر لەو دیاتەدا بەشدار دەبوو.
4. خوێندنەوەکەی بۆ ئەو تەنها دیدارەش سەرپێی بووە. هەروەها پێشداوەریکردنی تێدا بوو کە دەچێتە خانەی بیری ڕەهاگەرییەوە.
5. فریشتە خانم، لەو ڕەخنەیەدا حوکمی ڕەها دەدات و ئەو حوکمە ڕەهایانەش بۆ نموونە لەم دەربڕینانەدا دەردەکەوێت:

- "نووسەرە ژنەکانمان نموونەی بەرزیان نووسەرە پیاوەکانە و ناوێرن هەنگاوێک هەڵێنن ئەگەر ئەوان نەیانابێت." بەڵام ڕوونی ناکاتەوە چۆن و کام نموونە. لێرەدا "نووسەرە ژنەکانمان" کۆیە، دەبوو ڕوونی بکاتەوە بێجگە لە بەندە کێی تریش لە نووسەرە ژنەکان بە نەوێر مەحکوم دەکات. ئاخۆ ئەم حوکمە خۆی دەگرێتەوە کە ژنە و دەستی بە نووسین کردووە، یان جگە لە خۆی ژنان بە نەوێر مەحکوم دەکات؟!
- "ژنانی ئێمە خاوەنی لێکدانەوەی خۆیان نین." دیسانەوە حوکمێکی موتلەقی بێ ڕوونکردنەوە و بێ بەڵگە و بە گشتیکردنە. خۆ ئەگەر بە ڕای ئەو بەندەش وا بێت و خاوەنی لێکدانەوەی خۆ نەبێت، بۆ دەبێت ژنانی تریش بە خودانی لێکدانەوەی خۆیان نەزانێ "ئەوان چییان کردووە"؟. دیسان نازانم ئاخۆ ئەم حوکمەش خۆی دەگرێتەوە؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە: بۆ خاوەنی لێکدانەوەی خۆی نییە؟! ئەگەر نەخێرە، چۆن گەیشتە ئەو دۆخەی کە بتوانێت ببێتە خاوەنی لێکدانەوەی خۆی؟ مادەم خودانی ئەوە نیم، حەز دەکەم فێر ببم. خۆ مرۆڤ پێویستە هەمیشە لە پرۆسەی فێربووندا بێت.

* "مەهاباد شتێکی دی کردووە کە ڕەفتاری پیاوانەمان بیر دەخاتەوە، بێ ئەوەی لە ژنان بپرسێت کێیان دەوێت وەک پێشەوا؟؟؟؟ بە هەمان شێوە مەهاباد خان بووە بە پێشەوای ژنان." لێرەدا باشە ڕەخنەگر بە ناو هێناویێتی و تەنها مەهابادی مەحکوم کردووە، بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەکەوە دێڕێک پیشانی خوێنەر نادات کە قسەی مەهاباد بێت و باس لە پێشەوایەتی خۆی بکات.

دیارە لەم جۆرە دەربڕینانە لە نووسینەکەی خاتوو فریشتەدا یەکجار زۆرن و حوکمی موتڵەقن و بەڵگەدار نەکراون. مادەم دەق لە بەردەستی دا هەبووە و خوێندنەوەی بۆیان کردووە، دەیتوانی بەڵگەکان بۆ خوێنەر بهێنێتەوە و دەستنیشانیان بکات.

ڕەوایە بپرسم:

* بۆ پێی وایە کە ئەگەر کەسێک سەرکردەیەکی بیێ ئیدی دەبێت بە پێشەوا؟ دەیان ڕۆژنامەنووس بەم ڕۆژگارە دەیان سەرکردە دەبینن و نە خۆیان بە پێشەوا دەزانن و نە ئێمەش بە پێشەوایان دەزانین.
* ئایا تەنها پێشەوایەکی ژن دەتوانێت باس لە پرسی ژن بکات ، یان هەموومان ئەرکمانە ئەم باسانە بوروژێنین؟
* ئایا کە گرووپێک ژن ئیدی سەر بە هەر حیزب و ئایدۆلۆژی بن یان سەربەخۆ بن و کار بۆ پرسی ژن بکەن مانای ئەوەیە خۆیان بە پێشەوا دەزانن یان هەستی بەرپرسیاریێتی بەرامبەر بە کێشەکە وایان لێدەکات ئەو کارە بکەن؟
* ئایا بە ڕای ئەو پێویست بوو لە ناو ژنانی کوردستاندا ڕیفراندۆم بکرێت بۆ ئەوەی بزانین ڕازی دەبن خەبات بکەین یان نا؟!

هەموو کەس ئازادە خەبات بکات، هیچ کەسیش لە خەباتکردندا جێگەی ئەویدی ناگرێت، مەیدان فراوان و کاری نەکراو زۆرە، هەر هەموومان کاری بۆ بکەین هێشتاش دەیانساڵی دیمان پێویستە بۆ ئەوەی ئاکامی خەباتمان بە شوێنێکی شایستە بگات. ژنانی کورد کە گرووپ و ڕێکخراوی بچووک یان گەورە دادەمەزرێنن و کار بۆ پرسی ژن دەکەن، شتێکی سەیروسەمەرەیان نەکردووە. هەموو وڵاتانی دی کە ئێستا گەشەسەندوون و خەباتی ژن تیایاندا ئاکامێکی بەدەستهێناوە بەو قۆناغەدا تێپەڕیوون کە ئێستا ژنانی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت.

کاتێ لە ساڵی حەفتای سەدەی ڕابردوو گرووپێکی پێکهاتوو لە هەشت ژنی سوێدی بە ناوی گرووپی هەشت [1]، ڕێکخراوێکیان دامەزراند و داخوازینامەیان بە ناوی ژنانی سوێدەوە فۆرمۆلە کرد و داوای ڕیفۆرمیان دەکرد بۆ ژنانی وڵاتەکەیان، خۆبەخشانە و لە ڕووی هەستی بەرپرسیارێتیانەوە بۆ کێشەی ژن ئەوەیان کرد،کەس هەڵینەبژاربوون و ریفراندۆمێک لەناو ژنانی سوێددا نەکرا تا بزانرێ ئەو هەشت نەفەرەیان قبوڵە بۆ خەباتکردن یان نا. ئەوەی گرنگ و جێی بایەخە ئەوەیە ئەم گرووپە بە هاوکاری سەدان کەسی تر داخوازییەکانی ژنانی سوێدیان بە کوێ گەیاند و چەند ئەنجامی باشی لێکەوتەوە. دەبێ چاو لە ئەنجام بکەین، ئێستا 45%ی ناوەندەکانی بڕیار لە سوێددا ژنن.

بۆ ئێمەش وایە و ئێمە لە دنیا بەدەر نین تا ڕیفراندۆمێک بکەین تا بزانین هەموو ژنان قبوڵیانە فلان و فیسار خەبات بکات یان نا. ئێمە بۆ دەبێ لە کوردستاندا داوای شتێک بکەین کە لە هیچ وڵاتێکی دنیا نەکراوە؟ مەبەستم ئەوەیە بێین لە هەموو کورد بپرسین ئەرێ پێتان باشە فلان یان فیسار خەبات بکات یان نا؟ خەبات کردن شتێکە و پێشڕەوایەتی شتێکی ترە و پێشەوایەتی شتێکی تر، با هەموو شتێک تێکەڵ نەکەین. خۆزگە بیر لە ئەنجامی کارەکان بکەینەوە و بیر لە بەرژەوەندییەکانی ژنانی کوردستان بکەینەوە. لە دوارۆژدا ئەگەر ژنێک هات و بە کودەتایەک هەڵیکوتایە سەر سەرکردەکانی تر و خۆی وەک پێشەوا ناساند، دەبێ ئەوسا باس لەوە بکەین و بپرسین ئەرێ تۆ کێ هەڵیبژاردووی؟

ئێمه سەدان کەسین له مەیداندااین و خەبات دەکەین، کەسمان پێشەوا نین و هەمووشمان بۆمان هەیه داخوازی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین و ئەمانەش به بێ بەشداری ژن نایەنه دی. دەبێ خۆمان ساخ کەینەوه دەمانەوێ یان نا گۆڕانکاری ببێت و خۆمان دەستمان لەو گۆڕانکارییانەدا ببێت؟!

---

[1] گرووپی 8، به ناوکی بزوتنەوەی نوێی ژنان دەژمێردرێت له وڵاتی سوێد. ناوی گروپی 8 لەوەوه هاتووه که 8 ژن له دامەزراندنیدا بەشدار بوون که بریتی بوون له: (Ann-Marie Axner, Barbro Backberger, Brigitta Bolinder, Gunnel Granlid, Mona Malmström, Birgitta Svanberg, Greta Sörlin, Ulla Torpe.)
ئەم گرووپه به بیروباوەڕێکی سۆسیالیستییەوه خەباتیان دەکرد و، لەو گۆشەنیگایەوه بۆ مافی ژنان له دەرفەتی یەکسان بۆ کارکرد و یەکسانی مووچەی ژن و پیاو له هەمان کار، باشترکردنی بارودۆخی سەرپەرشتی منداڵ، ئازادی له مافی منداڵ لەباربردن و هەندێ ڕیفۆرمی کۆنکرێتی تر که هەموویان له خزمەتی پرسی ژنانی سوێد دا بو ون، داخوازینامەیان پێشکەش به ناوەندەکانی بڕیار دەکرد.